## ***کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوازی مەیدانی***

**شێوازی مەیدانی بەو شێوازانە دەوترێت کە توێژەر ناچارە بۆ کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان روو لـە ژینگـەی دەرەوە بکات و پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە گەڵ کەس و لایەن و دامودەزگاکان دروست بکات بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی ئـەو زانیارییانـەی کـە پێویسـتی پێـی هەیـە. بـاوترین و بـەناوبانـگ تـرین شـێوازەکانی مەیـدانی لـە کۆکردنـەوەی زانیاری بریتین لە :**

**١- راپرسی ٢- چاوپێکەوتن ٣- بینین**

**١- *راپرسی :***

**ئەم شێوازە یەکێکە لە هەرەباوترین شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە شێوازی مەیـدانی کـە کۆکردنـەوەی زانیارییــەکان لــە ئاســتێکی بــەرفراوان دەرەخسـێنێت . ئــەم شــێوازە زۆرتــر لــە توێژینــەوەی وەسـفی و ئــەو توێژینەوانـەی کـە لـە رووی جوگرافیـایی رووبـەرێکی فـراوان لـە خـۆ دەگـرن ئـەنجام دەدرێـت ، واتـا ئـەو کـەس و لایەنانەی کە توێژینەوە لە سەریان دەکرێت زۆر و فـراوانن وەکـو توێژینـەوە لـە سـەر هۆکارەکـانی تووشـبوون بـە کۆرۆنا کە لە ئێستادا رووبەرووی زۆربەی ناوچەکانی جیهان بووەتەوە .**

**لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوازی مەیدانی چەند فاکتەرێك کاریگەرییان هەیە کە بریتین لە :**

**١- ئـامێری کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان یـان فـۆرمی راپرسـی ٢- لایەنـەکانی جێبـەجێ کردنـی راپرسـی ٣- پلانـدانان و چۆنیەتی بەرێوەبردنی راپرسی ٤- ئەو لایەنانەی کە وەڵام دەدەنەوە .**

**١- *ئامێری کۆکردنەوەی زانیارییەکان یان فۆرمی راپرسی***

فۆرمی راپرسی چەند پرسیارێك لە خۆ دەگرێت لە سەر ئەو بگۆڕانەی کە توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیان لە سەر ئەنجام بدات و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات . ئەم پرسیارانە دەبێت بە شێوازێك دابنرێن ( دابڕێژرێن ) کە بتوانن زانیاری پێویست لە لایەنی بەرامبەر بەدەست بێنن بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت توێژینەوەکەی پێ ئەنجام بدات .

جۆرەکانی پرسیار لە فورمی راپرسی بریتین لە :

**A – *__پرسیاری کراوە__* :** ئەو پرسیارەیە کە وەڵامدەرەوە بەوە ناچار ناکات کە یەکێك لەو وەڵامانە هەڵبژرێت کە پێشتر لە لایەن توێژەر دیاری کراوە بەڵکو توێژەر ئەو دەرفەتە بە وەڵامدەر ئەدات کە هەر شتێك بۆ وەڵامی پرسیارەکە بە پێویست دەزانێت بە ویستی خۆی و بە بێ هیچ سنورێك بنووسێت . بو نمونە : بە رای ئێوە هۆکارەکانی تەشەنەکردنی گەندەڵی لە عێراق چین ؟ تکایە بیاننوسە .

نمونەی دووەم : هۆکارەکانی گرنگی نەدانی گەنجان بە خوێندنەوە چین ؟ تکایە بیاننوسە .

***هەڵسەنگاندنی پرسیاری کراوە*** : ئەم جۆرە پرسیارە لە روی ئازادی وەڵامدەر بە پرسیارەکان شیاوە بەڵام لە روی دەرهێنان و پۆلێنکاری زانیارییەکان گرفتی زۆر دروست دەکەن و توێژیتەوە رووبەڕووی گرفت دەکەنەوە بە تایبەت ئەو کاتەی توێژەر بیەوێت دەرهێنان ، پۆلێنکاری و شیکردنەوەی زانیارییەکان لە رێگەی کومپیوتەر ئەنجام بدات ، لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی وەڵامی پرسیارەمان ئەدەنەوە زۆر حەزیان بە وەڵامدانەوەی پرسیاری کراوە نییە و زوو ماندوو دەبن و ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لە سەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەیان و لە کۆتاییدا توێژەر ناتوانێت بە دروستی بە تەواوی وەڵامی پرسیارەکان وەربگریت . لەبەر ئەمە پێشنیار دەکرێت هەتا دەکرێت کەمتر پرسیاری کراوە بەکار بێت ، بەڵام ئەگەر لە بەر بابەتی توێژینەوەکە پێویست بوو پرسیاری

کراوە بخرێتە روو ئەو کات باشتر وایە بە چەند پرسیارێکی کەم و دیاریکراو بۆچوون و سەرنجی وەڵامدەر وەربگیرێت .

*B– پرسیاری داخراو :* پرسیارێکە کە پێشتر توێژەر وەڵامەکانی دیاریکردووە و وەڵامدەر تەنها لە نێوان ئەو وەڵامانەی کە دیاری کراوە ئەو وەڵامەی کە مەبەستییەتی بە سەحێك ( ✓ )دیاری دەکات . بەو فۆرمە راپرسییە کە پرسیارەکانی بە شێوەی داخراو دانرابن فۆرمی راپرسی " رێکوپێك " یش دەڵێن .

لە پرسیاری داخراو بە هەر کام لەو وەڵامانەی کە پێشتر بۆ پرسیار دیاری کراون " خاڵ " دەوترێت . کاتێك توێژەر پرسیار دادەنێت و دەیەوێت وەڵامەکان یان خاڵەکانی بۆ دیاری بکات ئەو کات دەتوانێت لەو فۆرمە راپرسیانە کەڵك وەربگرێت کە پێشتر ئەنجام دراون و بابەتەکەیان هاوشێوەی بابەتەکەی ئەوە یان ئەو بابەت و سەرچاوانە بخوێنێتەوە کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە هەروەها دەتوانێت پشت بە داهێنان و بیرکردنەوەی خۆی ببەستێت . کاتێك توێژەر بۆ هەر کام لە پرسیارەکان چەند خاڵێکی وەکو وەڵام دیاریکرد ئەوکات دەبێت لە بەرامبەر هەر کام لە خاڵەکان ( وەڵامەکان ) بازنە یان چوارگۆشەیەك دابنێت بۆ ئەوەی وەڵامدەر لە __*ناو*__ ئەو بازنە یان چوارگۆشەیە بە نیشانەی سەح ( ✓ ) ئەو وەڵامەی کە مەبەستییەتی دیاری بکات . لە بیرمان نەچێت هەر چەندە ژمارەی خاڵەکان کەمتر بن باشترە لە بەر ئەوەی وەڵامدەر بە تەرکیزی زۆرتر دەتوانێت وەڵامی شیاو بۆ پرسیارەکان هەڵبژێرێت . ئەگەر توێژەر ناچار بوو ژمارەی خاڵەکان ( وەڵامەکان ) بباتە سەرەوە باشتر وایە کە لە حەوت خاڵ تێپەڕ نەکات چونکە زیان لە تەرکیزی وەڵامدەر دەدات ، لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی پرسیاری داخراو وەڵامدەر لە وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان سنوردار دەکەن توێژەر دەبێت بە شێوەیەك خاڵەکان هەڵبژێرێت کە هەموو وەڵامەکان لە سەر پرسیارەکە بخاتە روو .

***هەڵسەنگاندنی پرسیاری داخراو :***

**هەرچەندە پرسیارە داخراوەکان بە بەراورد لەگەڵ پرسیارە کراوەکان ئازادی وەڵامدەر لە پرسیارەکان کەم دەکەنەوە بەڵام لایەنی ئەرێنیشی هەیە بەم مانایەی کە هەم وەڵامدەر حەزی زۆرتری بۆ وەڵامدانەوەی هەیە و دەتوانێت تەنها بە لێدانی هێمایەك وەڵامی پێویست بداتەوە و هەم ئیشی دەرهێنان و پۆلێنکاری و شیکردنەوەی زانیاریەکان بە تایبەت ئەگەر لە رێگەی کۆمپیوتەرەوە بێت بۆ توێژەر زۆر ئاسان دەکاتەوە ، لەبەر ئەمە توێژەران هەوڵدەدەن تا ئەو جێگایە بۆیان دەکرێت پرسیاری داخراو بەکاربهێنن هەرچەندە دارشتنی ئەم پرسیارانە لە کاتی دروست کردنی فۆرمی راپرسی و دیاریکردنی خاڵەکان پێویستی بە تەرخانکردنی کات و وزەیەکی زۆر هەیە .**

**نموونە بۆ پرسیاری داخراو :**

**رێگای کۆچ کردنی ئێوە بۆ شار بە چ شێوەیەك بووە ؟**

**بەویستی خۆمان** ○

**بە هۆی ئەنفال** ○

**بە هۆی شەڕی ناوخۆ** ○

**بە رای ئێوە پێگەی وڵاتی A بە چ شێوەیەکە ؟**

**لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هاوچەشنی کولتوری و ئاینی و قەومی هەیە** ☐

**پێگەی جیۆ پۆلەتیکی بە هێزی لە ناوچەکە هەیە** ☐

**له رابردوو پەیوەندییەکی سیاسی ئاڵۆزی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا هەبووە** ☐

**له رابردوودا پەیوەندیەکی ئابوری ئاڵۆزی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا هەبووە** ☐

***جۆرەکانی پرسیاری داخراو :***

**الف ) پرسیاری دوو خاڵی کە بە پرسیاری دوو هەڵبژاردەیی بەناوبانگە. بۆ نموونە :**

**ئایا تا ئێستا بۆ دەرەوەی وڵات سەفەرت کردووە ؟**

**١- بەڵێ ○ ٢- نەخێر ○**

**ب ) پرسیاری چەند خاڵی کە بە پرسیاری چەند هەڵبژاردەیی بەناوبانگە ، وەکو ئەو دوو نموونەیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد.**

**ج ) پرسیاری پلەبەندی یان چەندلایەنە کە بە پرسیاری هەڵسەنگاندنی بۆ چونیش بەناوبانگە و ژمارەی خاڵەکان ( وەڵامەکان ) بۆی هەیە ( ٥ ) و ( ٧ ) یان زۆرتر بێت . بۆ نموونە :**

**پەیوەندی دۆستانە لە نێوان کارمەندانی کۆمپانیایەك دەبێتە هۆی فراوان بوونی بەرهەمی ئەو کۆمپانیایە.**

| بەتەواوی هاوڕام | هاوڕام | نازانم | هاوڕا نیم | بەتەواوی هاوڕا نیم |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |

**پرسیارەکان لە جۆری پلەبەندی دەکرێت هەم بەشێوەی نووسراو و هەم بەشێوەی ژمارە یان ڕێژەی سەدی بخرێتە روو .**

**نموونە : پشت بەستن بە داهاتی نەوت بووەتە هۆی کەمتەرخەمی بەرپرسان بەرامبەر هاوولاتیان .**

**پلە بەندی بە شێوەی ژمارە :** ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

**پلە بەندی نووسراو :**

**بەتەواوی لەگەڵیام☐ لەگەڵیام ☐ نازانم ☐ بەتەواوی دژیم ☐ دژیم ☐**

**پلە بەندی سەدی** ٪١٠٠ ٪٩٠ ٪٨٠ ٪٧٠ ٪٦٠ ٪٥٠ ٪٤٠ ٪٣٠ ٪٢٠ ٪١٠ ٪٠

**د ) پرسیاری ریزبەندی کە چەند خاڵیان هەیە و توێژەر لە وەلامدەر داوادەکات کە بە پێی گرنگی ڕێکیان بخات.**

**بۆ نموونە: کارەکانی خوارەوە بە پێی گرنگی ریزبەندی بکە ؟**

**پزیشکی ○ مامۆستایی ○ بازرگانی ○ کشتوکاڵ ○ ئیداری ○**

**و ) پرسیاری بایەخ و گرنگی یان قورسایی جۆرێکی دیکەیە لە پرسیار کە چەند خاڵیان هەیە و وەلامدەر دەبێت بە هەر کام لە خاڵەکان نمرەیەك بدات . بۆ نموونە : بۆ هەر کام لە خاڵەکانی خوارەوە نمرەیەك لە نێوان ( ٠ _ ١٠ ) دابنێ .**

**حەز دەکەم هاوینی ئەم ساڵ :**

**ئیش بکەم و پارە کۆ بکەمەوە ☐**

**حەز دەکەم هاوینی ئەم ساڵ بۆ سەفەر بڕۆم ☐**

**حەز دەکەم هاوینی ئەم ساڵ زانیاریەکانم زۆر بکەم ☐**

حەز دەکەم هاوینی ئەم ساڵ بخۆم و بخەوم و لە پێش tvبم ☐

ھ ) جۆرێکی تر لە پرسیار پرسیاری بەراوردیە کە چەندین بگۆر لە خۆ دەگرێت کەواتا وەڵامدەر بە پێی گرنگی بگۆڕەکان ، بەراوردێك لە نێوانیان دەکات . بۆ نموونە : ئەگەر کۆی بگۆڕەکانی خوارەوە لەسەر گەشەکردنی خوێندنی ئێوە ١٠٠٪ بێت بۆ هەر کامیان لە ٪ چەند دادەنێیت ؟

- وریایی ☐
- مامۆستا ☐
- بارودۆخی بنەماڵە ☐
- ئاستی خوێندنی دایك و باوك ☐
- بارودۆخی ئابوری ☐
- بارودۆخی قوتابخانە یان زانکۆ ☐
- حەز لە خوێندنەوە ☐

**C - *پرسیاری تێکەڵاو ( ئاوێتە )***

مەبەست لە پرسیاری تێکەڵاو ئەو فۆرمە ڕاپرسیانەیە کە هەم پرسیاری کراوەی تێدایە و هەم پرسیاری داخراو . هەرچەندە توێژەرەکان هەوڵدەدەن لە فۆرمە راپرسیەکان زۆرتر پرسیاری داخراو بەکاربهێنن بەڵام هەندێك جار ناوەرۆکی توێژینەوەکە بە شێوەیەکە کە تەنها بە پرسیاری داخراو ناتوانن هەموو لایەنەکانی توێژینەوەکە شیبکەنەوە ، کەواتا توێژەر ناچارە جگە لە پرسیاری داخراو پرسیاری کراوەش بەکاربهێنێت لەبەر ئەوەی

پرسیاری کراوە هەندێك وەڵام و پرسی نوێ دەخاتە بەر توێژەر کە خۆی پێشتر بیر یان هزری لێ نەکردووەتەوە و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە کەپێشتر بیری لێکردوەتەوە .

***D – پرسیاری پەیوەندی ( بەدوای یەك داهاتن ) :***

لەم جۆرە پرسیارە هەرپرسیارێك لەگەڵ پرسیاری دوای خۆی پەیوەندی هەیە . هەر کاتێك توێژەر بیەوێت بنەرەت و ریشەی بابەتێك ئاشکراو روون بکاتەوە ناچارە ئەم شێوازە بەکاربهێنێت بۆ نموونە :

ئایا تەکنۆلۆژیا کاریگەری لەسەر لە دەست دانی کارەکەتان هەبووە ؟

بەلێ ○

نەخێر ○

ئەگەر بەلێ ، ئایا ئێوە مەجالی فێربوونی کارێکی نوێتان هەبووە ؟

بەلێ ○

نەخێر ○

ئەگەر نەخێر پاش لە دەست دانی کارەکەتان کاردانەوەتان چی بووە ؟

کرێکاریم کردووە ☐

بۆ ماوەیەك بۆ دەرەوەی وڵات رۆیشتووم ☐

لە حکومەت یارمەتیم وەرگرتووە ☐

منداڵەکانم چاودێرییان کردووم ☐

**هیچکام لەوانەی سەرەوە ، بینووسە** ☐

### ❖ ***دارشتن و ڕێکخستنی فۆرمی ڕاپرسی :***

**لە دارشتن و ڕێکخستنی فۆرمی ڕاپرسی توێژەر دەبێت رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکات :**

**١- خۆی بەدووربگرێت لە خستنەرووی پرسیارێك کە پێویست نیە .**

**٢- وشەو و چەمکی ئاسان ، روون و کورت بە کاربهێنێت و ئەگەر پێوسیتی کرد چەمك یان وشەیەکی ئالۆزو ناروون بەکاربهێنێت لە پەراوێز یان لە کۆتایی فۆرمەکە روون کردنەوەی بۆ بکات .**

**٣- کۆی ئەو پرسیارانە کە پەیوەندییان بە بابەتێك یان بگۆڕێك هەیە لە دوای یەکتردا بەکاریان بهێنێت .**

**٤- لە سەرەتای فۆرمی راپرسی پرسیارە ئاسانەکان دابنێت بۆ ئەوەی هانی وەلامدەر بدات کە فۆرمەکە پربکاتەوە بەوتەیەکی دیکە ئاراستەی پرسیارەکان لە ئاسان بۆ قورس بێت .**

**٥- هەر فۆرمێکی راپرسی پێویستی بە چەند رێنماییەك هەیە لەبەر ئەوەی هەم ئەوانەی کە پرسیارەکان ئاراستە دەکەن و هەم ئەوانەی وەلامی پرسیارەکان دەدەنەوە بە خوێندنەوەی ئەم رێنماییانە باشتر و ئاسانتر دەتوانن فۆرمی راپرسیەکە پربکەنەوە .**

**٦- لەسەرەتای فۆرمی راپرسی کە ئاماژە بە زانیاریە تایبەتیەکانی وەلامدەر دەکات ( وەکو تەمەن ، پیشە ، ناونیشانی مالّ یان شوێنی ئیش کردن ) وەلامدەر لە وەلامدانەوە بەم بەشە ئازاد و سەربەست بێت .**

**٧- لەسەرەتای فۆرمی راپرسی یان لە لاپەڕەیەکی دیکە بە کورتی ئاماژە بە ئامانج و گرنگی و کاریگەری ئەم راپرسیە لەسەر کۆمەلگە بکرێت ، هەروەها وەلامدەر دلّنیا بکاتەوە کە ئەم پرسیارانە پەیوەندی بەکاری توێژینەوەی زانستی هەیە و هیچ کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی ، سیاسی ، ئابووری و ... هتد ئەوان نابێت . لە کۆتایی ئەم بەشە تکا لە وەلامدەر بکرێت کە وەلامی پرسیارەکان بداتەوە .**

٨- توێژەر دەبێت وەڵامدەر دڵنیا بکاتەوە کە زانیاریەکانی ناوفۆرمی ڕاپرسی بە نهێنی دەمێنێتەوە کەواتە مەترسی لەسەر وەڵامدەر نابێت .

٩- ئەو پرسیارانەی کە حەساسیەت دروست دەکەن یان دەبێت نەخرێنە ڕوو یان ئەگەر پێوسیت بوو دەبێت بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بخرێنە ڕوو ، بە پێچەوانەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە وەڵامدەر لە وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان وەکو پێوسیت هاوکارنەبێت ، بەتایبەت ئەگەر لە بەشی زانیارییە تایبەتیەکانی فۆرمی ڕاپرسی ، وەڵامدەر ناو و ناونیشانی خۆی نووسیبێت . بۆ نموونە پرسیار لەسەر داهات یان لادانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لەو جۆرە پرسیارانەیە کە حەساسیەت دروست دەکەن .

١٠- لەو فۆرمانەی ڕاپرسی کە زیاتر لە چەند لاپەڕەن واتا دوور و درێژن ، توێژەر نابێت پرسیارە گرنگ و سەرەکیەکان لە کۆتایی فۆرمەکە دابنێت لەبەر ئەوەی ئەگەر هەیە وەڵامدەر بەهۆی ماندووبوون وەڵامی پرسیارەکان بە ناتەواوی بداتەوە یان هەر وەڵامی نەداتەوە .

١١- توێژەر دەبێت دیزاینی فۆرمەکانی ڕاپرسی بەجوانی دابنێت لەبەر ئەوەی هاندەرێك بێت بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان هەروەها بۆ وەڵامی هەموو پرسیارەکان بەتایبەت پرسیارە کراوەکان جێگای پێوست بە جێ بهێڵێت .

١٢- پێویستە لەسەرەتا یان لە کۆتایی فۆرمی ڕاپرسیەکە ناو یان ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و مۆبایلی ئەو کەس و لایەن و ڕێکخراوە بنووسرێت کە هەڵساوە بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە واتا دەبێت زانیارییەکانی بەرپرسی ڕاپرسیەکەیە بە ڕوونی ئاماژەی پێ کرابێت .

١٣- باشتروایە توێژەر لە پاش داڕشتن و ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی و لە پێش ئەوەی نوسخە و فۆرمی کۆتایی رابکێشێت نموونەیەك لە فۆرمی ڕاپرسییەکە بە چەند کەسێکی پسپۆر لەم بوارە نیشان بدات لەبەر ئەوەی ئەگەر کەم و کورتی تێدابوو دەست نیشان بکرێت بۆ ئەوەی چاك بکرێنەوە .

## ٢- لایەنەکانی جێبەجێ کردنی راپرسی

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە رێگەی راپرسی ، ئەو لایەنانەن کە هەڵدەستن بە جێبەجێ کردنی راپرسی کە ئەم لایەنانە پێك دێن لە : بەرێوەبەری جێبەجێکار ( لەوانەیە خودی توێژەر یان سەنتەرێکی توێژینەوە یان رێکخراوێك بێت ) و ئەوانەی پرسیارەکان ئاراستە دەکەن .

لە توێژینەوە بچوکەکان وەکو توێژینەوەی دەرچوونی قوتابیانی زانکۆ ، توێژەر خۆی دەتوانێت هەموو ئەرکەکان لە ئەستۆ بگرێت و جێبەجێیان بکات بەڵام ئەگەر قەبارەی توێژینەوەکە گەورە بوو ئەو کات توێژەر خۆی ئەرکی بەرێوەبەر لە ئەستۆ دەگرێت و جێبەجێ کردنی کارەکان دەخاتە ئەستۆی کەسانی دیکە واتا خۆی سەرپەرشتی کارەکان دەکات . هەندێ جار قەبارەی توێژینەوەکە لە رووی جوگرافیایی زۆر فراوانە بو نموونە لە ئاستی وڵات یان چەند پارێزگایەك بەڕێوە دەچێت ئەو کات توێژەر ناچارە بۆ جێبەجێ کردنی کارە مەیدانییەکان چەندین بارەگا و ناوەندی تایبەتی لە پارێزگا و شارەکانی دیکە دابنێت و ئەو کەس و کادێرانەی کە شارەزاییان لە بوارەکە هەیە ئەم بارەگا و سەنتەرانە بەڕێوە دەبەن لە بەر ئەوەی ئەوانەی کە پرسیارەکان ئاراستەی خەڵك دەکەن ئیشەکانیان بە رێکوپێکی جێبەجێ بکەن و زانیارییەکان کۆ بکەنەوە .

بەرێوەبەری بارەگا و ناوەندە تایبەتییەکان دابین کردنی پێداویستییەکان ، رێنمایی ، چارەسەر کردنی کێشەکان و لە هەموو شتێك گرنگتر چاودێری کردنی ئەوانە لە ئەستۆ دەگرن کە راپرسییەکە ئەنجام ئەدەن .

ئەو کەسانەی کە پرسیارەکان ئاراستەی خەڵك دەکەن دەبێت چەند تایبەتمەندییەکیان تێدا بێت لە وانە :

١- خوێندەوارییان لە ئاستێکدا بێت کە بتوانن راپرسی ئەنجام بدەن باشتر وایە کەمترین بڕوانامە ، دەرچووی ئامادەیی بێت .

٢- ئەزموونی هەبێت ، واتا پێشتر کاری راپرسی ئەنجام دابێت .

٣- کەسێکی وریا و زیرەك بێت .

٤- له راپەڕاندنی ئیشەکانی کەسێکی خێرا بێت .

٥- له زمانی ئەو خەڵکه بە تەواوی شارەزا بێت کە پرسیاریان ئاراستە دەکات . لە بەر ئەمە باشتر وایە ئەو کەسانە بۆ ئەنجامدانی راپرسی هەڵبژێرین کە خەڵکی ناوچەکە بن .

٦- کەسانی کۆمەڵایەتی بن واتا بتوانن پەیوەندییەکی دۆستانە و باش لە گەڵ کەسانی دیکە دروست بکەن .

٧- شارەزای دابونەریتی ئەو کەسانە بن کە پرسیارەکانیان ئاراستە دەکەن و رێز لە دابونەریتیان بگرن .

٨- لە گەڵ چەمکە سەرەکییەکانی شێوازی توێژینەوەی زانستی ئاشنا بن .

"" چونیەتی ئەنجامدانی راپرسی ( بۆ وانەی داهاتوو ) ... . ""